
Harold Pinter
مۆنۆلۆگ
مونولوگ
By Harold Pinter
Monologue

# هارۆڵد پینتەر

## Harold Pinter

هارۆڵد پینتەر، شانۆنامەنووسی ئینگلیزی کە ناوبانگێکی زۆری هەیە، بەرهەمێکی یەک ئەکتی بە ناوی "مۆنۆلۆگ" نووسیوە کە تێیدا چیرۆکی سێگۆشەی خۆشەویستی نێوان دوو ژن و پیاوێک ڕوون دەکاتەوە. شانۆنامەی "سۆلیلۆکی"ی پینتەر لەسەر بنەمای ناوەندگەرایی کارەکتەرێک نووسراوە کە بینەر بە هیچ بەشێک لە ناسنامەی ئاشنا نییە و بە مۆنۆلۆگێکی زۆر گرنگ دادەنرێت.

دەربارەی هارۆڵد پێینتەر

هارۆڵد پێینتەر لە ساڵی ١٩٣٠ لە لەندەن لەدایکبووە. هەر لە تەمەنی گەنجیەوە حەزی بۆ نواندن دەرکەوت و لە ساڵی ١٩٥١ بوو کە یەکەم شانۆگەری بە ناوی ""ژوور"" بڵاوکردەوە. لە ماوەی ژیانیدا ٣٢ شانۆنامەی نووسیوە. هارۆڵد پێینتەر لە ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بەدەستهێنا. تەوەری سەرەکی بەرهەمەکانی هارۆڵد پێینتەر سەرلێشێواوی و سەرسوڕمانی مرۆڤی هاوچەرخە و زۆربەی کارەکتەرەکانیان تێگەیشتنێکی دروستیان لە جیهان نییە. هارۆڵد پێینتەر جگە لە نووسینی چەندین شانۆنامە، هەروەها وەک سیناریۆنووس بەشداری لە مۆنتاژکردنی زیاتر لە ٣٠ بەرهەمی فیلم و تەلەفزیۆنیدا کردووە. لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا وەک سیناریۆنووس، سیناریۆکانی لە کتێب و ڕۆمانی گەورە وەرگێڕاوە.

## هارۆڵد پینتەر، دانیشتووی جیهانی هەڕەشە[1]

ئەو تەوەرە سەرەکییەی کە پینتەر لەگەڵیدا ژیاوە و مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، "نامۆبوونی مرۆڤ" بوو.

هیچ شتێک لە ژیانی هارۆڵد پینتەردا نەیدەتوانی ئەو تووڕەییە سووتێنەرەی ناو دەروونی ڕوون بکاتەوە. هارۆڵد پینتەر ژیانێکی تارادەیەک باش و پڕ لە خۆشی هەبوو: منداڵییەکی لە ماڵێکدا لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن بەسەر بردووە، ساڵانی چێژبەخش لەکۆلێژ "هاکنی گرامەر" لەگەڵ مامۆستایەک کە ئیلهامبەخش بووە بۆی، چێژوەرگرتن لە وەرزشەکانی بۆولینگ و کریکێت، هەبوونی کۆمەڵێک هاوڕێی نزیک و دڵسۆز، ساڵها نواندن لە هەموو گۆشەکانی ئینگلتەرا، سەرەتایەکی گەورە لە شانۆنامەنووسیندا بە کتێبی "ئاهەنگی لەدایک بوون" لە ساڵی ١٩٥٨، گەیشتن بە ناوبانگ و شکۆمەندی دوای دوو ساڵ بە نووسینی شانۆنامەی " ""سەرایدار" ، چەندین بەرهەمی ستایش کراو وە سەرکەوتوو،و لە کۆتاییدا، بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب لە ساڵی ٢٠٠٥.بەڵام هەموو ئەمانە نەیاندەتوانی ببنە دەرمانێک بۆ تورەیی و سەرسوڕمانی لە ئاڵۆزییەکانی پەیوەندییە مرۆییەکان و و بێمانایی جیهان.



کارتێکی بانگهێشتنامەم فڕێدابووە بەردەمی. بەڵام پێم وا نەبوو دێت. نەخێر، مەسەلەکە ئەوە بوو کە من... ناونیشانیم وون کردبوو. [بێدەنگی] بەڵێ. لە باشووری ئێدمۆنتۆن. دەزانی دوای ئەو شەوە چییان لێ کردم؟ تێکشکاندم..وردیان کردم..وڕدوڕد ..... هەموو شتێکیان ڕێکخستبوو. هەموو شتێکیان حیساب کردبوو. کۆنسێرتەکەی داهاتووم بوو. شوێنێکی تر. زستان بوو. من چووبووم بۆ نمایشکردن. کە گەیشتم بینیم دەرگای هۆڵەکە داخراوە. پەنجەرەکان کێشرانە خوارەوە. تەنانەت پاسەوانێکیش نەبوو. دەرگاکە قوفڵ بوو. لە کتێبی« ئاهەنگی لەدایک بوون»

---

[1] - https://www.iranketab.ir/blog/harold-pinter

دیارە ئەو جۆرە جیهانبینییە ناوازەیەی پینتەر لە شانۆنامەکانی ئەم هونەرمەندە مەزنەدا ڕەنگ دەداتەوە. کارەکتەرەکانی پیینتەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بە ڕێکەوت دەهاتنە مێشکی (لە وشەیەکی سادەی وەک "تاریک"، لە پرسیارێکی وەک "- چیت لە قیچی کرد؟" یان وێنەی ژن و مێردێک کە لە تەنیشت پەنجەرەیەکەوە وەستابوون) و بە گوتەی خۆی، دوای ئەوە یارییە سەیر و نامۆکان لە مێشکیدا دەستیان پێدەکرد. وا دیار بوو کارەکتەرەکان هەر کە دروست بوون و ژیانیان پێدەهات بۆ خۆیان بڕیاریان دەدا، . هیچ ڕاست و هەڵەیەک لە نێوانیاندا نەبوو و دڵنیایی و ڕابردوویەکی دیاریکراویش نەبوو. پێنتەر بە نووسینی شانۆنامەکانی بۆی دەرکەوت کە:

راستییەکان تەحەدای یەکتر دەکەن، بەرپەرچ دەدەنەوە، ڕەنگ دەدەنەوە، پشتگوێ دەخرێن، دەترسێنن و بێ ئاگان لە بوونی ئەویتر.

لە بەرهەمەکانی ساموێل بێکێتدا کە لە سەرەتای ژیانی نووسینیدا کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر هارۆڵد پینتەر هەبووە، گفتوگۆ ئاساییەکان ڕواڵەتیک و فۆرمێکی میتافیزیکی و سەیر و سەمەرە وەردەگرن؛ ئەم جۆرە دیالۆگانە لە بەرهەمەکانی پینتەر دا پڕن لە هەڕەشە و هەستکردن بە نائەمنی. لە شانۆنامەکانی پینتەردا وشەکان هێرشبەرانە یان بەرگریکارانە دەردەکەون و بە جۆرێک ڕۆڵی دەمامک و ئامرازێک دەگێڕن کە کارەکتەرەکان بۆ شاردنەوەی ڕۆحی ڕووتی خۆیان بەکاریدەهێنن. بەڵام لە ژێر ئەم دەمامکانەدا مانایەکی تر شاراوەتەوە. پینتەر پێی وایە کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکانی خەریکی خنکاندنی ڕاستییەکانن. ئەو کارەکتەرانەی کە پینتەر دروستی کردوون، هەر وەک خۆی، لەناکاو بێ تاقەتی پەنجەرە و بۆنکردنی هەوای پاک و خاوێن و تازە دەبێتەوە. ئەم کارەکتەرانە زۆرجار ئاسوودەیی و ئاسانکاری ماڵەوە و چێژوەرگرتن لە پەرداخێک شیری گەرم لە لای شووشەکە لەمێشک دایە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هیچ شتێک ناتوانێت بۆشایی مانا و ئامانج لە ژیانیاندا پڕبکاتەوە. ئەو تەوەرە سەرەکییەی کە پیینتەر لەگەڵیدا ژیاوە و مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، "نامۆبوونی مرۆڤ" بوو.



## خیانەت

**هەندێک شانۆنامە تەنها لە دەوری یەک وشەدا دەسوڕێنەوە. ئەم تاکە وشەیە زاڵە بەسەر هەموو کردار و کاردانەوەکانی چیرۆکەکەدا و لە بنەڕەتدا هێزی بزوێنەری ڕووداوەکانە. کتێبی "خیانەت" یەکێکە لە شانۆنامە گرنگ و بەنرخەکانی پینتەر، کە لە ساڵی ١٩٧٨ نووسراوە. چیرۆکی ئەم بەرهەمە سەرنجڕاکێشە کە ڕەگ و ڕیشەی لە ژیانی تایبەتی پینتەر خۆیدا هەیە، سادەیە و چیرۆکی پەیوەندییەکی نهێنی حەوت ساڵەی نێوان ژن و مێردێک بە ناوی ئیما و ڕۆبەرت و باشترین هاوڕێی ڕۆبێرت، جێری دەگێڕێتەوە. بەڵام پینتەر لەم چیرۆکە سادەیە ئاڵۆزییەکی بێ وێنە دروست دەکات.**

**ئەو وشەیەی کە زاڵە بەسەر ئەم شانۆگەرییەدا، "چ کاتێک"ە.**

**جێری کەی زانی کە ئیما باسی پەیوەندی نهێنی نێوانیان بە هاوسەرەکەی ڕۆبێرت کردووە؟**

**ئیما کەی زانی کە ڕۆبێرت زانیاری لەسەر ئەو کارەساتە هەیە، و بڕیاریدا لەبری ئەوەی بە جێری بڵێت، بەردەوام بێت لەسەری؟**

**کەی جێری بڕیاریدا هاوسەرەکەی جودیس بەجێ نەهێڵێت؟**

**ساتی خیانەتی ڕاستەقینە کەی بوو؟**

**کاتێک جێری بە سەرخۆشی خۆشەویستی خۆی بۆ هاوسەری باشترین هاوڕێی ڕاگەیاند؟**

**کاتێک ئیما وەڵامی دایەوە؟**

**یان کاتێک ئەم دووانە بۆ یەکەمجار پێکەوە خۆشەویستیان کرد؟**

**ئایا خیانەتی ڕاستەقینە، بەجێنەهێشتنی ژنەکانیان بوو؟**

**یان خیانەتی ڕاستەقینە لەوەدا بوو کە ئیما هەموو شتێکی بە ڕۆبێرت وتبوو و جێری هیچ زانیاری و بیرۆکەیەکی نەبوو؟**

**لۆژیکێکی ورد و بەستراو لە چیرۆکی کتێبی "خیانەت"دا دەبینرێت. ڕووداوەکان، وەک ئەو شەپۆلانەی ناو ئاودا ، دوای ئەوەی پارچە بەردێک دەکەوێتە ناویەوە، دروست دەبن و یەک لە دوای یەک ڕوودەدەن. درۆیەک درۆیەکی تر دروست دەکات و بەدوای ئەم زنجیرە بەفربارینەدا جیهانێک لە ناڕاستی دروست دەبێت کە لە ڕاستییەکی ئەڵتەرناتیف دەچێت. لەم دۆخەدا یان ئێمە دەگۆڕین یان دونیایەکی لەو جۆرە دەمانگۆڕێت. ڕەنگە خۆمان قەناعەت پێبکەین کە ئەمە ڕاستییەکە و بێتواناییمان لە قبوڵکردنی ڕاستی ئەم دۆخە، ئەم جیهانە درۆینەیە بکاتە ڕاستییەکی شەخسی و ئەڵتەرناتیف.**



**لەم شانۆگەرییەدا وشەیەک نییە کە لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا نەیدۆزیتەوە. زمانی ئەم بەرهەمە تەواو سادە و بێ خۆنمایشکردنە. وەستان وبێدەنگییە ئاساییەکانی بەرهەمەکانی پینتەریش لەم شانۆگەرییەدا دیارە و چیرۆکەکان لە دڵ وناخی چیرۆکەکانی دیکەدا دروست دەبن، کە هۆکاری ڕوودانیان بۆ بینەر ناگێڕدرێتەوە؛ وەک ئەوە وایە کارەکتەرەکان هۆکاری تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان و پێویست ناکات وردەکاری کارەکانیان ڕوون بکەنەوە.**

**ئەم زمانە ئاخاوتنی و ئاساییە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ دروستبوونی هەموو جۆرە درۆیەک کە پێکهاتەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان پێکدەهێنن. بۆ نموونە ئەو ڕستەیە لەبەرچاو بگرن: "پێموانییە ئێمە عاشقی یەکتر نەبین". ئێمە ئەو جۆرە دەستەواژە و پێکهاتە کە دوو کرداری نەرێنی تێدایە، کاتێک بەکاردەهێنین کە دەمانەوێت بە جۆرێک پاشەکشە بکەین و هەستەکە بە وشە بگۆڕین و هەستی ڕاستەقینەی خۆمان بشارینەوە و لە ڕاستییەکان ڕزگارمان بێت .بەڵام ناتوانێت لە ویژدان ڕزگاری دەربازبێت. ئیماش ڕووبەڕووی هەمان کێشە دەبێتەوە. ئەو کەسەیە کە لەم چیرۆکەدا زۆرترین تاوان دەدات؛ خۆپەرستی و ماف خۆازی کارەکتەرەکانی تر وایان لێدەکات زۆر ئازار نەچێژن. بە درێژایی چیرۆکەکە، ئیما ئاگاداری ئەم تاوانبارییە و وەک نەخۆشێک وایە لەسەر تەختی نەشتەرگەری هۆشیار بێت.**

لە کۆی نۆ پەردەی شانۆنامەی خیانەت،، شەش پەردە بە شێوەیەکی ناهێڵکاری دەگێردرێتەوە و سێ پەردە درێژەی چیرۆکی پەردەکەی پێشوو بەدوای خۆیدا دەهێنێت: پەردەی دووەم، کە ڕۆبێرت بە جێری دەڵێت لەبارەی پەیوەندییە نهێنییەکەوە دەزانێت و تەنانەت ڕەنگە جودیتیش هەندێک شت بزانێت؛؛ دیمەنی شەشەم، کاتێک ئیما دوای دانپێدانان و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بۆ ڕۆبێرت دەگەڕێتەوە ماڵەوە؛ وە دیمەنی حەوتەم،کاتی نانخواردنی نیوەڕۆی ڕۆبێرت و جێری ، لە کاتێکدا ڕەنگە ڕۆبێرت بەجێری بڵێت کە هەموو شتێک دەزانێت بەڵام ئەوە کارناکات.ڕۆبێرت لەبری ئەوە، یادەوەری خوێندنەوەی شیعرەکانی ویلیام باتلەر ییتس لە دوورگەیەکدا بۆ جێری دەخوێنێتەوە و پێی دەڵێت خۆزگە هەمیشە دەیتوانی بە تەنیا لەوێ بمێنێتەوە.

ئیما: تەلەفۆنم بۆ کردیت. نازانم بۆچی.

جێری: چەند سەیرە، زۆر لەیەکەوە نزیک بووین، وانییە؟ ... من و ڕۆبێرت ... تەنانەت ئەگەر چەند مانگێکە یەکترمان نەبینیبێت... بەڵام لەم هەموو ساڵەدا سەرەڕای ئەم هەموو گێلاسەی پێکەوە لێکمان دا،خواردمانەوە، ئەم هەموو نانی نیوەڕۆیەمان پێکەوە خوارد... من هەرگیز درکم پێ نەکرد ... تەنانەت هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە... کە دەکرێت کەسێکی ترجگە لە تۆ لە ژیانی دا هەبێت... هەرگیز. بۆ نموونە کاتێک کەسێک لەگەڵ هاوڕێکەی لە بارێکدا دانیشتووە، یان لە چێشتخانەیەکدا، بەو گریمانەیە... هەندێک جار هەڵدەستێت بۆ ئەوەی بچێتە ئاودەست،، دەزانی، کێ ناچێت، مەبەستم ئەوەیە... ئەگەربچێت بە دزییەوە زەنگێک لێبدات، تۆ لە هەموو بوونتدا هەستی پێدەکەیت ، دەزانیت، تەنانەت گوێت لە دەنگی دراوەکە دەبێت کە دەکەوێتە ناو ئامێرەکەوە. بەڵام هەرگیز ئەم هەستەم لەگەڵ ڕۆبێرت نەبووە. لەگەڵ ڕۆبەرت لە هیچ بارێکدا هەرگیز گوێم لە کەوتنی دراوێک نەبوو . شتە کۆمیدیەکە ئەوەیە کە ئەوە من بووم دەرۆشتم کە دراوەکە بخەمە ناو تەلەفۆن تا پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەم و ئەوەش بۆتۆ؛ بە تەنیا لە پشت کەوانتەرەکەوە جێم دەهێشت تا سەرخۆش بێت. ئەوە ئەوەیە کە سەیرە...

**"لە شانۆنامەی خیانەت"**

کارەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە زیاتر لە هەموو شتێک بە ئازار و ئاگابوون لەم ئازارە ژیانەوەن. مۆدێرنیزمی نائاسایی کە بە تایبەتمەندی سەرەکی بەرهەمەکانی پینتەر دادەنرێت، پێش ئەوەی تەنها هەڵبژاردنی پێکهاتەیەک بێت،جۆرێکە لە هەستیاری و و دوودڵی وئامادەنەبوون بۆ وازهێنان لە توانای ناسینی بەها ئەخلاقییەکان و دژە بەهاکان. "خیانەت" بەرهەمێکە کە دوو جار ڕوودەدات، جارێک لە بەر چاوی بینەر و جارێکی تر لە مێشکیاندا، واتە کاتێک خوێنەر پێداچوونەوە بە دیمەنە تایبەتەکانی مێشکی خۆیدا دەکات بۆ ئەوەی حوکمیان لەسەر بدات. ئەو خاڵەی کە کتێبی "خیانەت" دەکاتە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و سەرنجڕاکێش سەبارەت بە پاڵنەر و دەرئەنجامەکان ئەوەیە کە ئیما عاشقی جێرییە و خۆشەویستیەکەی وەک گێژەڵوکەیەک بووە کە هەموو ژیانی قووت دەدات. خۆشەویستی ئەو هێزەیە کە وایکرد خیانەتەکانی ناو ئەم چیرۆکە بێنە دی وبگاتە قۆناغی کردار وە هەروەها بە ئازار و وێرانکەر بن.

**مانای شاراوە؟**

**دەیان ساڵە هەوادارانی بەرهەمەکانی هارۆڵد پینتەر هەوڵی دۆزینەوەی مانا شاراوەکانی پشت شت و ڕووداوە سادە و ڕۆژانەکان لە شانۆنامەکانیدا دەدەن. بەڵام ئەو نامە لەڕادەبەدەر گاڵتەجاڕییەی کە پینتەر بۆ کۆمەڵێک خوێندکاری بەرهەمەکانی نووسیویەتی ، ئەوە نیشان دەدات کە ئەم جۆرە هەوڵانە زۆر بەرهەمدار نابن. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەو شتانەی لە چیرۆکی ""سەرایدار" دا بەکارهێنراون، وەک پەیکەری بودا یان کوخێکی بچووک، گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، پینتەر بە تۆنێکی تەشەرئامێز وتی:**

**پەیکەر پەیکەرە و کوخ کوخ!**

**هەروەها ئەم نووسەرە بەم شێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆچی ناوی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە خەیاڵییە، :**

**ناوەکەی خەیاڵییە، چونکە خۆی خەیاڵی کردووە.**

**هارۆڵد پینتەر بە تۆنێکی هاوشێوە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەی دایەوە و لە کۆتایی نامەکەدا نووسیویەتی:**

**دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەم وەڵامانەی من بۆ گاڵتەجاڕی نەنووسراون.**

**نامەکە لە ساڵی ١٩٦٦ نووسراوە بەڵام لەم دواییانەدا دوای کەوتنە خوارەوەی لە لابەلای لاپەڕەکانی کتێبێک کە خرایە زیادکردنەوە، دووبارە دۆزرایەوە. ئارەزومەندانی پینتەر پێیان وایە کە تۆنی سەیر ئەم نامەیە زانیاری سەرنجڕاکێش لەبارەی جیهانبینی و باری دەروونیی هارۆڵد پینتەر ئاشکرا دەکات.**



**شانۆنامەی""سەرایدار" که بە یەکەم سەرکەوتنی بازرگانی پینتەر دادەنرێت، لە دەوری کارەکتەرێک دەسوڕێتەوە بە ناوی دەیڤس. دەیڤس کەسێکی بێ ماڵ و حاڵە و دەهێنرێتە ماڵی کەسێک بە ناوی ئۆستۆن و کێشە لەگەڵ میک برای ئۆستۆن دروست دەکات.دەیڤس کە سەرەتا خۆی بە بێرنارد جێنکنز دەناسێنێت، بە تێپەڕبوونی کات ناوی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکات و دەست دەکات بە وەرگرتنەوەی کاغەزی کەسی لە سیدکاپ کە گەڕەکێکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی لەندەن.**

**هەندێک لەو خوێندکارانەی کە گومانیان هەبووە کە سیدکاپ بە هۆکارێکی تایبەت هەڵبژێردرابێت، لەگەڵ پینتەر باسی ئەم بابەتەیان کرد ولە وەڵامدا پێیان گەیشتووە:**

**کاغەزەکانی دەیڤس لە سیدکاپن چونکە سیدکاپ لەو شوێنەیە کەلەوێن!**

**پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم نامەیە لەگەڵ یەکەم  چاپکراوی کتێبی "سەرایدار" لە زیادکردنێکدا بە ٣٦٠ یۆرۆ فرۆشراون.**

**کتێبەکانی "ژوور و بەرزکەرەوەی خۆراک"، "ژانێکی کورت"، "گەڕانەوە بۆ ماڵەوە"، ""سەرایدار" و زمانی شاخ" و "خیانەت" لە بەرهەمە گەورە و دیارەکانی هارۆڵد پینتەرن.**

شانۆنامەی :

# مۆنۆلۆگ

نووسەر:

## هارۆڵد پینتەر

## Harold Pinter

وەرگێرانی لە فارسییەوە:

## ڕەحمان عەزیزی

**«کەسایەتییەکان، کارەکتەرەکان»**

**پیاو**

**پێم وایە یەکسەر بچمە هۆڵی وەرزش و هەندێک پینگ پۆنگ بکەم، پێت چۆنە؟وەرزشیەکی نایاب و ناوازەیە، وانییە؟لەگەڵ یەکێك پێشبڕکێ چۆنی؟**

**من ئەو کەسەم کە ئامادەم بەرەنگاری هەرکەسێک ببمەوە کە دەستکێشێ[2] بخاتە سەر زەوی لەبەردەممدا.ڕاستیەکەی دەستکێشەکانت چەلێ کرد؟تا لە بیرم نەچوو بپرسم ماتۆڕسکیل کەت چی بەسەر هاتووە؟**

**(بێدەنگی)**

**کاتێک ڕەشت لەبەردا دەکرد زۆر جوان دەرکەوتی، تاکە شتێک کە حەزم لێی نەبوو دەموچاوت بوو، زۆر سپی بوو، هەمیشە لە نێوان قژی ڕەش و کڵاوی سواربوونی ڕەش و پاڵتۆ ڕەشەکەتدا جیاواز بوو.زەق دهاتە دەرەوە.**

**بێگومان تۆ هەرگیز بۆ ماتۆڕسواری دروست نەبوویت، ئەوە بەهیچ شێوەیەک لە سروشتی تۆدا نەبوو، لە کۆتاییدا، تێنەگەیشتم کە تۆ بۆ چی باشیت، تاکە شتێک کە بۆم ڕوون بووەوە ئەوە بوو کە هیچ شتێکت ،هیچ کارێکت، هیچ ڕەفتارێکت لەگەڵ مندا ناگونجێت. دەبوو ڕەش بیت، دەبوو ڕووخسارێکی ڕەشت هەبێت بۆ ئەوەی لە دڵ وە بچیت.**

**(بێدەنگی)**

**زۆرجار... زۆرجار... هەستم دەکرد کە ئێوە دوو کەس خوشک و بران، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بوونتاندا بەیەکەوە گرێدراون، هاوئاهەنگی و وابەستەییەک هەبووە کە پێم وا نەبوو دەتوانێت لە هاوبەشی خواردنی پێکەوە تێپەڕێت. بێگومان ئەو ڕەشپێست بوو. ڕەش وەکو ئاسی پیک " ace of spades:". ژیانی خۆشدەویست.**

**(بێدەنگی)**

---

[2] ئاماژەیەک بۆ نەریتی تەحەدای دووانەیەک کە تێیدا کاندیدی دووانەییەکە دەستکێشەکەی دەخاتە سەر زەوی.

من و تۆ هەردووکمان هیچ گرنگییەکمان بە کەشوهەوا نەدا. وانەبوو؟!!! ئێمە هەمیشە ئامادە بووین بۆ وەرزشی سووک و یەکسەر دەستمان بە یاریکردن کرد. هەمیشە پێکەوە بووین یاریی پێنج کەسی... یان لە پارک کە قسەمان دەکرد یان پێش نانخواردنی نیوەڕۆ ڕۆژێکمان بۆ خواردنەوەیەک چاوپێکەوتنمان دەکرد. هیچ شتێک نەیدەتوانی جیامان بکاتەوە.

(بێدەنگی)

ئەوەی من لە هەموو شتێک زیاتر خۆشم دەوێت ئەم جۆرە دیالۆگە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەوئاڵوگۆڕی بیروڕا، ئەم جۆرە بیرخستنەوە زۆر دڵخۆشکەرن بۆ من.

(بێدەنگی)

هەندێک جار پێم وایە ئەو کچە شوکولاتەیەت لەبیر کردووە مەبەستم کچە ڕەشەکە. هەندێک جار پێم وایە تۆ منیشت لەبیر کردووە

(بێدەنگی)

نا تۆ منت لەبیر نەکردووە .باشترین هاوڕێت کێ بوو؟ هاوڕێی دەشت و دەرێت کێ بوو؟ کێ وەک نزیکترین هاوڕێت بە کەسانی تر دەناسێنیت؟

من باشترین هاوڕێت بووم ئەگەر بتەوێت هەر دەتوانم بۆت بسەلمێنم کە من باشترین هاوڕێتم هێشتا ئامادەم پشتێنەکەم لە ملی هەرکەسێک بپێچمەوە تا بەرگریت لێبکەم

(بێدەنگی)

ئێستا بە دڵنیاییەوە دەتەوێت بڵێیت تۆ ڕۆحی ئەوت خۆشدەویست و منیش جەستەی ! دەتەوێت جارێکی تر ئەم قسە کۆنەم بە ڕووم دا بەدیتەوە، بەڵێ وایە کە تۆ زۆر لە من جوانتر بوویت، هەروەها زۆر لە من زیرەکتر ، ئەوەش دەزانم کە من بەڕای تۆ، هەمیشە بوونەوەرێکی بەڕواڵەت نەرم و ئاسمانی ، بەڵام لە بنەوە پڕ بووم. بەڵام با شتێکت پێ بڵێم، ڕەنگە تا ئێستا نەتزانیبێت کە ئەو ڕۆحی منی خۆشدەویست، ئەوە ڕۆحی من بوو کە ئاشقی ببوو.

(بێدەنگی)

تۆ هەرگیز ناڵێی ئامادەی چیت؟ تەنانەت بۆ یاری پینگ پۆنگیش ئامادەنیت،تۆ بە هیچ شێوەیەک ناتوانی بڵێی چەند بەتوانایت؟لە کوێ درۆ دەکەیت؟لە کوێ.... تۆ هەرگیز.... هەرگیز....تۆ توانای ئەوەت نییە...ناتوانی هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ خۆت...لە خانەکانی مێشکت بکەیت .بە راشکاوی زۆرجار وەک مردوو ڕەفتار دەکەیت،تۆ بەو شێوەیە مامەڵە دەکەیت.. وەک ئەوەی تۆش وەک شەقامی بالزپۆند[3] مردبێتی ، بە هەمان شێوە ئەگەر ڕووناکی بەیانی سەر شەقام نەبوایە بارانەکەت نەدەبینی. ئەگەر من لە ژیانی ڕۆشنگەری تۆدا نەبوومایە، ئەو خانمە شوکولاتەیەش نەدەبوو.

---

[3] Balls Pond

(بێدەنگی)

ماندوو بوو. ئەو گەشتەمان بە بەیانییەکی سارد دەستپێکردبوو بەهۆی کەشوهەوای پێشبینینەکراوی ئەو ڕۆژەوە. لەپڕ قیژاندی... تۆ وەک...وەک فەنەریک لە شوێنی خۆت دەرچووی ، بەبێ ئیرادە دەستت گرت و چایەکەت ڕشت.ڕەنگە لەبەر گۆڕانی کەش و هەوا ئەو ڕۆژە بێدەنگ بووبێت.

(بێدەنگی)

من عاشقی جەستەی بووم، لە نێوان خۆماندا بێت، مەگەر گرنگ بوو. ڕەنگە تۆش وەک من بوویتایە، پەیوەندی چ بوو؟ باشە...ئەو دەتوانێ...دیتوانی..

(بێدەنگی)

هەر سێمان قۆڵ بە قۆڵەوە بەناو بە سەوزە بەرزەکاندا تێپەڕین و لە دەرەوەی مەیخانەکە لە لای ڕووبارەکە لەبەر خۆردا دانیشتین.ئەو ڕۆژە مەیخانەکە داخرا بوو.

(بێدەنگی)

پێی وتیت بە منەوە بەنووسێنە و تۆش کردت. بێگومان ئەم کارەت کرد، ئەگەر نەتکردبا، بەڕاستی گەمژە بوویت، بەڕاستی شێت بوویت، ئەم کارتە زۆر سروشتی بوو.

(بێدەنگی)

ئەو ڕۆژە کارەکەت زۆر زیرەکانە بوو.

(بێدەنگی)

دوای ئەوەی ژیان لە نۆتینگ هۆڵ[4] بەجێهێشت، هێنام بۆ بینینت. من باش دەمزانی لە کاتی ئاواد‌ا هەمووان دەگەنە کۆتایی ، بەڵام من هەرگیز بە کۆتایی ناگەم.

(بێدەنگی)

دانیشتن لەوێ بە گرامۆفۆنێکەوە بە لاپەڕەیەکی بیتهۆڤن، چای کاکائوو،وە ئەوەندە دانیشتن کە چیمەن ژێر پێت سەوز دەبێت و دانیشتبووم تا چیمەنەکە لە ژێر پێمدا سەوز دەبێت، زانیم کە جیابوونەوە لە تۆ مەترسیدار دەبێت. وەک ڕۆژی ڕوون لەبەر چاوم بوو، ئەم کارەی تۆ تەڵە بوو کە پەپوولەی ڕەشمەم تێیدا دەفڕی، بەڵام ئەمە ڕاستە کە باشترین مرۆڤەکان ئەوانەن کە بێدەنگن.

(بێدەنگی)

---

[4] Notting Hall

من هەمیشە زۆر بە شێوەیەکی هەستیار و ڕۆمانسی بیرم لە خۆشەویستی کردۆتەوە من ئەو جۆرە......ماڵئاواییە شیرینەم.... شیرین ....خۆشدەوێت کە لە وێستگەی پادینگتۆن[5] ڕوویدا.

یەخەم بەرز کردبووەوە و ڕوومەتە گەرمەکانی بە تەواوی لە تەنیشتمەوەبوون. بەلەکی ڕانەکانی ژێر پاڵتۆیەکی باراناویدا شاردبۆوە..سەکۆی سەرنشینەکان ، ڕوومەتەکانی، دەستە ناسک ونەرم و نیانەکانی، فیشەی شەمەندەفەر،.....فیشەی شەمەندەفەر،.....ڕەنگە لەو ساتەدا، هیچ دەنگێکی لەو جۆرە نەیتوانی خۆشەویستی لە دڵمدا هەڵبگیرسێنێت. ئاگرم تێبەردا....بە گریان خات، ئەبنۆسی خۆشەویستم، عیشقی شوکولاتیم خەریکە زەردەخەنەم بۆ دەکات بۆم. لە باوەشم گرت.

(بێدەنگی)

لەگەڵ تۆ هەست بە هاودەردی دەکەم، هەرچەندە تۆ بە هیچ شێوەیەک لەگەڵم هەست بە هاودەردی ناکەیت، من لەگەڵ تۆ هەست بە هاودەردی دەکەم هاوڕێ بچکۆلەکەم.

(بێدەنگی)

کاری من هەمیشە بیرکردنەوەیە. ڕەنگە هەر بۆیە هێشتا هەست بە زیندوویی دەکەم..؟ تێدەگەیت؟ئێستا ٩٥% وزەم زیاترە لە چاو ئەو کاتەی تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو ، کاتێک تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو، ڕۆژانە ٢٤ کاتژمێر دەخەوتم.کاتێکیش٢٤ ساڵم بوو، ٢٢ کاتژمێر...ئێستا دەتوانی خۆت باقیەکەی حیساب کەی ...بەهەر حاڵ ئێستا ژیان لە مندا دەکوڵێت ..من لە لوتکەی ژیانمدام.. ژیانێک کە لە هەر چرکەیەکدا هەزاران شۆڕشی تێدایە. من هەمیشە سەردەکەوم. دروشمی من وریایی و بەئاگابوونە. ئیتر ئەفسانە دروست ناکەم، هەموویانم بەجێهێشتووە، بیتهۆڤنەکان، چا، کاکاو، خەوتن، لەباوەش کردنی کچانی شوکولاتی، هەموویانم جێهێشتووە ..وازم هێناوە....بەدڵنیاییەوە ئەڵێیت کەهیچم نەماوە بیڵێم ناتوانم بیکەم..بەڵام ئایا تۆ گەمژەی داماو نازانیت؟من دەتوانم هەموو شتێک بکەم...تۆ ناتەوێت سەرسام بیت بەم گاڵتەجاڕیەی من، هەرچەندە دەزانم ئەوەندە سادەیت کە لە قسەکانم تێناگەیت ئەو وشانەی کە بە وەسوەسە و بە وریاییەوە هەڵیاندەبژێرم، تەنانەت ناتوانیت ئینکاری گاڵتەجاڕییەکەی ناو تۆنی دەنگم بکەیت.

(بێدەنگی)

ئێستا لە ڕاستیدا تۆ شاهیدی ڕزگارییەکی..چیتر بەشداری هیچ ڕێوڕەسمێکی ئایینی ناکەم. گاڵتەچیات تەواوو...

(بێدەنگی)

دەبوو ڕووخسارت ڕەش بێت، ئەوە گەورەترین کەموکوڕیت بوو. دەتوانیت لانیکەم ئەمە لە دەفتەرەکەتدا بنووسیت، دەتوانیت دوو منداڵی ڕەشت هەبێت.

---

Paddington[5]

**(بێدەنگی)**

**ئەو کات  بۆیان دەمردم**

**(بێدەنگی)**

**پێم وایە دەبوومە مامیان، بەڵێ؟**

**(بێدەنگی)**

**من مامی ئەوانم.**

**(بێدەنگی)**

**من مامی منداڵەکانتانم.**

**(بێدەنگی)**

**دەیانبەمە دەرەوە و نۆکتەیان بۆ دەگێڕمەوە..**

**(بێدەنگی)**

**من منداڵەکانتم زۆرم خۆشدەوێت**

کۆتایی

ئاماژەیەک بۆ نەریتی تەحەدای دووانەیەک کە تییدا کاندیدی دووانەییەکە دەستکێشەکەی دەخاتە سەر زەوی.

**Balls Pond**

**Notting Hall**

**Paddington**